# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## سەبارەت بە هاوڕێیانی ناسراو بە"فراکسۆنی فەعالییەت بەناوی کۆمەڵە"

جیاوازی یەك سەبارەت بە بنەماکانی فیکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی لە ماوەیەك لەوە پێشەوە لەنێو ڕیزەکانی حیزبی کومونیستی ئیران و کۆمەڵەدا سەری هەڵداو و کەمایەتی یەك کەلەنێو ئێمەدا نوێنەرایەتی دەکرد ، ئەمڕۆکانە بەئاستێك گەیشتوە کە ئەو هاورییانە ئیتر بەتەواوی خۆیان نامۆ بەم ڕەوتەی ئێمە دەزانن و هەموو نیشانەکان ئەوە دەگەیەنن کە ڕەوتی جیابونەوەی خۆیان بەبێ ڕاگەیاندنی ئاشکرایانە، بەکردەوە بەسەرەنجام گەیاندوە.

بنەمای سیاسەتی ئێمە بۆ بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە لە سەر چەند تەوەرەی سەرەکی دامەزراوە:

یەکەم، لەروانگەی ئێمەوە سەرهەڵدانی بیری جیاواز لەحیزبێکی سیاسی دا کە گرێدراوی خەباتی ناو کۆمەلگایەکی دیاری کراوە، ڕووداوێکی سروشتی وئاسایی یە. کۆمەڵگا بەبوونی چین وتوێژی جۆراوجۆر، بەبوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی جیاواز، بەهەبوونی مەیل وبۆچوونی فیکری وسیاسی وفەرهەنگ وئەخلاقیان وسونەتی جۆراو جۆر تێیدا، دیاردەیەکە پڕلە حەرەکەت و لە جۆش وخرۆش وخەبات، حیزبێکی سیاسی کەئاوێتەی ژیان و مێژووی وەها کۆمەڵگایەك بووبێ بێگومان ململانێ وڕاستی یەکانی ئەو کۆمەلگایە لە ریزەکانی دا و لە کار و تیکوشانی دا بەشێوەی جۆراو جۆر ڕەنگ دەدەنەوە. بەڵام پرسیاری گرینگ ئەوەیە کە ئەو حیزبە لەو کێشەو ململانێییەدا، کە تا رادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی کێشە واقعیی یەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایەیە، لە چ ڕێگەیەکەوە بە سەلیمی و یەکگرتوو وچالاك خۆی دەرباز دەکات؟

دووەم، ڕەوتی ئێمە ئامرازی خەباتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش وستەم لێکراوە، ئەوان مافی خۆیانە بە ووردی ئاگاداری گیروگرفت و کێشەکانی بن، لە دیاریکردنی چارەنووسی دا دەور ببینن. لێك دابڕانێکی نابەوەختی تەشکیلاتی ئەوتۆ کەنەتوانێ هەلی قەزاوەت کردن، داوەری وبەشداریکردن لەچارەنووسی ئەو ڕێکخراوەیان بۆ برەخسێنێ ، لەچوار چێوەی سوونەتی هەتا ئێستای رەوتی ئێمە دا نییە. دڵ فرەوان بوون و لە خۆ نیشان دانی لانی زۆری سەبرو وتەحەممول لە کاتی سەر هەڵدانی ناکۆکیە سیاسیەکاندا، وەك فەرهەنگ ونەریتێك، بەهۆی تێگەیشتن لەم ڕاستییە بوە.

سێهەم: ئەم حیزبە بەرهەمی چەند دەیە کارو تێکۆشان وخەبات ولەخۆبوردوویی یە. گەلێك ئینسانی هەڵکەوتوو و لێبڕاو لەپێناوی ئەم حیزبەو ئامانج وڕێبازەکەی دا گیانیان بەختکردوە. بۆ ڕێبەرایەتی ئەم حیزبە ڕەوا نییەو ناتوانێ لەئاست هەر هەوڵێك کە بیهەوێ ئیدامە کاری ئەو حیزبە و نەریتی شۆڕشگێرانە و پێشڕەوی تووشی مەترسی بکات، بێدەنگ بێت، بەڵکوو پێویستە لەکاتی خۆی داو ڕاشکاوانە وبەپابەندبوون بە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی کەپێی ئەسپێردراوە ، هەم لەبواری سیاسی وهەم لەبواری تەشکیلاتی یەوە پارێزگاری لە بوون و لە تێکۆشانی بکات.

بە پشت بەستن بە وەها هەڵوێستێك بوو کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام هاوڕێیانی کەمایەتی نێو حیزب کەلەگەڵ بنەمای فیکری وڕێبازی ڕەسمی حیزب ناتەبا بوون، هاندەدران کە زۆرترین هەوڵی خۆیان ئاراستەی ڕوونکردنەوەی لایەنە سیاسی ، فیکری وبەرنامەیی یەکانی ئەم جیاوازیانە بکەن. ناوەندو تریبۆنەکانی حیزبی بەردەوام بەڕووی بڵاوکردنەوەی ڕوانگەو بۆ چوونەکانیان ئاوەڵا بووە. بەداخەوە ئەوان لەم بوارە لەبارە هەتا کاتی کۆنگرەی ١٣ی کۆمەڵە کەڵکێکی ئەوتۆیان وەرنەگرت ولەبەرانبەر پێداگریەکانی ئێمە بەردەوام تەئکیدی یان دەکرد کەئەوان لەگەڵ بنەما فیکری و ستراتیژی سیاسی وبەرنامەیی ئەم حیزبە کێشەیەکیان نی یەو ناکۆك نین. پێداگری یان لەسەر فەعالیەت بەناوی کۆمەڵەشەوە تەنانەت مەسەلەی کوردستانی بوون، یان سەرتاسەری بوونی کۆمەڵەی جێگای پەسەندی ئەوانی بەناڕونی و لە تارمایی دا هێشتبۆوە. ئەوان دەیان وت کە هەوڵدەدەن تەنیا شکڵ وقەوارەی تەشکیلاتی ئەم ڕەوتە بگۆڕن. بەڵام سەرەڕای هەر خوێندنەوەیەك کەئەوان بۆ مەسەلەکەی خۆیان هەیانبوو، ئاشکرابوو کە: یەکەم، ئەوان خوازیاری هەڵوەشانەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانن. و دووهەم: لەگەڵ ستراتێژ و گەلێك هەڵوێستی سیاسی و شێوەی کار و هەڵسووڕانی ئەم حیزبە لە کوردستان و لە ئێران بە گشتی دژایەتی بنەڕەتی یان هەیە. چونکە لە ڕاستی دا کەسانێك کە لەگەڵ شکڵی سەرتاسەری هەڵسووڕانی ئەم حیزبە، بەرنامە و ستراتێژی سیاسی ئەو دژایەتی یەکیان نەبێ و گۆیا تەنیا خوازیاری گۆڕانکاری لە پێکهاتەی تەشکیلاتی دابن، بێگومان دەتوانن لەکەش وهەوایەکی سیاسی وبە گیانێکی یەکگرتوویی خوازانە، سەرەڕای هەبوونی ئەم ڕوانگەیەش لەنێو ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا درێژە بەهەڵسووڕانی خۆیان بدەن. بەڵام کردەوەی ئەم هاوڕێ یانە نیشانی دەدا کە دژایەتی ئەوان زۆر ئەولاتر لەتێبینییەکی تەشکیلاتی سەبارەت بەناو و پێکهاتەی ریکخراوەییە. ئەم ڕاستی یە سەرەنجام لەسەروبەندی کۆنگرەی ١٣ی کۆمەڵە دا ئاشکراتر خۆی دەرخست.

هاوڕێیانی ئۆپۆزیسیۆن پاش تێپەڕبوونی ٤ساڵ لە دەرچوونی یەکەم نامیلکەیان کەبەئیمزای ٧کەس ولەژێرناوی "پێویستی فەعالیەت بەناوی کۆمەڵە" بڵاوبۆوە، لەمانگی پوشپەڕی ١٣٨٧وبەر لە بەڕێوەچونی کۆنگرەی ١٣ی کۆمەڵە بەیانیەی خۆیان لەژێر ناوی "فراکسیۆنی فەعالیەت بەناوی کۆمەڵە" ڕاگەیاند. ناوەڕۆکی ئەم بەیانییە نیشانی دا کە جیاوازی ئەوان نەك هەر لە سەر پێکهاتەی ریکخراوەیی و یان دژایەتی لەگەڵ سیاسەتێکی دیاریکراو، بەلکوو ناتەبایی لە گەڵ تێکڕای حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بەرنامەو ستراتیژی سیاسی ئەو حیزبەوە و لە گەڵ بەرنامەی کۆمەڵە بۆ کۆمەڵگای کوردستان بوو. ئەم ڕاگەیاندنە لەکۆنگرەی ١٣ی کۆمەڵە بەبەشداری ئەم هاوڕێیانە بەچڕو پڕی قسەی لەسەر کرا. ئەم هەل وبوارەشیان هەبوو کەوردەکاریەکانی شی بکەنەوە.

بەشدارانی کۆنگرە چالاکانە را و بۆچوونی خۆیان لە سەر ئەو بەیانیە دەربڕی. لەم کۆنگرەیەدا بێجگە لەنوێنەرانی هەڵبژێراو، سەرجەم ئەندامانی حیزب بەگشتی وتەشکیلاتی کوردستان واتە کۆمەڵەش بۆیان هەبوو لە کۆبوونەوەکانی کونگرەدا بەشدار بن و ژمارەیەکی بە رچاویش بەشداری یان کرد. قسەو باسەکانی کۆنگرەو بەیانیەی خودی ئەم هاوڕێ یانە سەلماندی کەناکۆکی سەرەکی تەنیا سەبارەت بە چوارچێوەی تەشکیلاتی و هەڵسووڕان بەم یان بەوناو نییە، بەڵکو سەبارەت بەتێکڕای بنەمافیکری وسیاسی وستراتیژی وبەرنامەیی یەکانی ئێمەیە. ئەوان لەکاتی قسەوباسەکانی کۆنگرە تەنانەت ژمارەیەك لەو هاوڕێ یانەشیان کەپێشتر هۆگری یان بەوان هەبوو، لەدەست دا. سەرەرای روون بوونی ناوەڕۆکی هەڵوێستی کۆنگرە، بەپێی پەیڕەوی نێوخۆ کۆنگرەی ١٣ی کۆمەڵە، بڕیاری نیهایی سەبارەت بە بە ڕەسمی ناسین یان نەناسینی فراکسیۆنی،بە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی حیزب سپارد .

ماوەیەکی کورت دوای بەرێوە چوونی کۆنگرە، قسەو باس وبابەتەکانی لەتەلەویزیۆن وڕادیۆی کۆمەڵەوە بلاوکرانەوە. بەیانیەکەیان لە بڵاوکراوەی ڕەسمی حیزبدا لە چاپ درا و ڕەخنەی سیاسی لێ گیرا. هەتا ئەو کاتەحیزب بەپەیرەوی

کردن لەسووننەتەکانی خۆی وبەتێگەیشتن لەپێگەی کۆمەلایەتی خۆی وهەستیارێك کەخەڵك بەرانبەر بەمەسەلە نێو خۆییەکانی ئەم ڕە وتە لەخۆیانی نیشان دەدەن، بەردەوام هەوڵی دەدا کەئەم هاوڕێیانە هان بدات کە ناوەڕۆکی ناکۆکی یە سیاسی یەکانی خۆیان زیاتر ڕوون بکەنەوە. بەڵام لەماوەی ٧مانگێك کەبەسەر کۆنگرەی ١٣ی کۆمەڵەدا تێپەڕ دەبێ، ئەم هاوڕێ یانە هیچ هەوڵێکیان بۆ ڕوونتر کردنەوە ی بنەما فیکری وسیاسی یەکانی خۆیان ووەڵام دانەوەبەو پرسیارانەی کەخۆیان ئاڕاستەیان کردوە، نەداوە ولەو هەل وئیمکانە کەبۆ شیکاری بۆچوونەکانیان لەبەر دەمیان بوە، کەڵکیان وەرنەگرتوە. بەداخەوە بەجێگای ئەوە بەردەوام درێژەیان بەکارشکێنی تەشکیلاتی وپێ شێل کردنی پەیرەو و بڕیارە حیزبییەکان داوە، کەدواتر بەهێنانەوەی نمونە ئاماژەیان پێ دەکەین.

پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەش تێیدا بەشدار بوون، بەسەرنج دان بەو قسە وباسانەی کەلەکۆنگرەی ١٣ی کۆمەڵەدا هاتبونە ئاراوە بەم ئاکامە گەیشت کەناوەڕۆکی بەیانیەی ڕاگەیاندنی مەوجودییەتی "فراکسیۆنی فەعالیەت بەناوی کۆمەڵە" وە بەتەواوی لەگەڵ بەرنامەو بنەمای ستراتیژی سیاسی وسیاسەت وتاکتیکەکانی حیزبی کومونیستی ئێران وکۆمەڵە ناتەبایە وکردەوەی ئەم هاوڕێ یانە لەژێر ئەم ناوە لەڕاستی دا سەرەتای دروست کردنی تەشکیلاتێکە لەنێو تەشکیلاتی حیزبدا . پلینۆم بە پێی ئەو ئەرکانەی کەلەبواری پاراستنی یەکگرتویی ریزەکانی حیزب وکۆمەڵە لەسەرشانی بوو پاش لێکدانەوەی لایەنە جۆراو جۆرەکانی مەسەلەکە، ئەم فراکسیۆنەی بەڕەسمی نەناسی ولە بەرانبەریش دا بەپێی پەیرەوی نێو خۆی حیزب ئەم مافەی بۆ ئەو هاوڕێ یانە تەئکید کردەوە کەئەوان دەتوانن لەڕێگای گۆڤارو بڵاوکراوەو و ڕاگەیاندنەکانی حیزبی یەوە، بیرو ڕاوبۆچوونەکانی خۆیان بەئاگاداری تەشکیلات وکۆمەڵگا بگەیێنن وبەمجۆرە داوای لەم هاوڕێیانە کرد کەوەك کەمایەتی یەکی ڕێکخراوە یی بەیارمەتی ئەم ئامرازانەی کەلە بەردەستیان دایە ڕوانگەو بۆ چوونەکانی خۆیان پەرە پێ بدەن.

بەڵام ئەم هاوڕێیانە بەرانبەر بەبڕیاری کۆمیتەی ناوەندی نەتەنیا سەرنجیان نەدایە بیروڕای گشتی نوێنەرانی کۆنگرەو ئەندامانی تە شکیلات، بەڵکو لەئاست بڕیارنامەو هەڵوێستی پلینۆمی کۆمیتە ناوەندی حیزب سەبارەت بە بەڕەسمیەت نەناسینی فراکسیۆن سەرپێچی یان کردو سەرەڕای هەموو هەوڵەکان، ئاگادار کردنەوە و رەخنەگرتن لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزب وئاگادارکردنەوەکانی یەك لەدوای یەکی ئەندامانی حیزب لەکۆبوونەوەکاندا هەڵسوکەوتی تەشکیلات شکێنانەی خۆیان چڕو پڕتر کردەوەو دەستیان دایە ڕێکخستن ودامەزراندنی ریکخراوێکی جیاواز لەنێو ڕێکخراوی ئێمەدا و بەکردەوە حیزبی کومونیستی ئیران وکۆمەڵەیان کردە پێگەیەك بۆ بەرەو پێش بردنی پرۆژە سیاسی وتەشکیلاتی یەکانی خۆیان لەدەرەوەی تەشکیلات دا .

دەرکردنی ڕاگەیاندنی ئاشکرا بە ناوی فراکسیۆن کەڕاشکاوانە لەدژی یەکگرتوویی ئیرادەی سیاسی کۆمەڵەدا بوو، پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵی فراکسیۆنی و ڕێبەرایەتی کردنی بەبەشداری وحزوری کەسانی غەیرە تەشکیلاتی، کردەوەی سەرەڕۆیانەی یەك لەدوای یەك بە بێ ئاگاداری و مۆڵەتی ئۆرگانە تەشکیلاتی یەکان وبەمەبەستی لاواز کردنی ئیعتباری ئۆرگانە حیزبییەکان، پێکهێنانی ڕێکخراوی تایبەتی لایەنگرانی خۆیان لەشاری سلیمانی، ڕێکخستنی بنکەی سنووری بەمەبەستی گەیاندنی نامیلکەو بڵاوکراوەکانیان بۆ ناوەوەی وڵات، پەیوەندی گرتن لەگەڵ ژمارەیەك لەهەڵسوڕاوانی تەشکیلاتی لەنێو خۆی کوردستان بەبێ لەبەرچاو گرتنی پەیرەوی هەتا ئێستای تێکۆشانی حیزبی لەم بوارەداو بەبێ ئاگاداری ئۆرگانی پەیوەندیدار، کەوتنە شوێن پرۆژەی گوفتوگۆی جیاواز لە گەل باڵە

جۆراو جۆرەکانی دابڕاو لەکۆمەڵە و پەیوەندی گرتن لە گەڵیان، ئامادەکاری ئیمکاناتی ماددی وتەشکیلاتی بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم پرۆژانە، تەحریمی ڕێ ورەسمی ڕۆژی کۆمەڵەو هەوڵی چڕ و پڕ بۆ بێ ڕەونەق کردنی ئەم مەراسیمە لەهەموو شوێنێك. سەرجەمی ئە وانە تەنیا چەند لایەنێك لەکردەوەی تشکیلات شکێنانە و هەوڵی سەربەخۆی ئەو هاوڕێیانە لە کاری ڕێکخراوەیی لەمانگەکانی ڕابردوودا بوە. ئەم کەمایەتییە سەرجەمی ئەم هەوڵە ناحیزبی یانەیان لەکاتێك دا بەڕێوە بردوە کە هەتاکوو ئێستاش بەشێوەی ڕەسمی ریزی خۆیان لەم حیزبە جیانەکردۆتەوە.

هەموو ئەو بەڵگەو نمونانە نیشانەی ئەم ڕاستی یە ساکارەیە کە جەمعی ناسراوبە"فراکسیۆنی فەعالیەت بەناوی کۆمەڵە" دەمێکە بەکردە وە لەڕیزەکانی کۆمەڵەو حیزبی کومونیستی ئیران دا نەماون وخۆیان لەچوار چێوەی ئەو ڕێکخراوەیە بردۆتەدەرەوە، کردەوەی ئەم هاوڕێیانە ، جیابوونەوەی حاشاهەڵنەگری تەشکیلاتی ئەوان کەلەبنەمای فیکری وستراتیژی سیاسی جیاوازی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتوە، بە ئاشکرا بەهەموو کەسی دەسەلمێنێ. خۆپاراستنی ئەوان لەڕاگەیاندنی ڕەسمی ئەم جیابونەوەیە بەهۆی نەزۆکی سیاسی و ستراتیژیکی ڕێبازێك کە گرتویانەتە بەر و بە هۆی لاوازیان لە بواری ڕێکخراوەیی دا، هیچ گۆڕانکاریەك لەناوەڕۆکی مەسەلەکەدا پێك ناهێنێ.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی ئێران وکومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لەکۆبوونەوەی هاوبەشی خۆیان دا ڕۆژی یەك شەممە یەکی مارسی ٢٠٠٩بەهەڵسەنگاندنێکی بابەتی کارو تێکۆشانی ئەم هاوڕێیانە بەتایبەت لەقۆناغی ڕاگەیاندنی فراکسیۆنەوە هەتا ئێستاکە، درێژەکێشانی ئەم هەل ومەرجەی بەئیجابی لێك نەدایەوەو بەم ئاکامە گەیشت کەزیاتر لەوە ناتوانێ ڕێگە بدات کەئەم جەمعە وەك پێگەیە ك لە حیزبی کومونیستی ئێران و لە کۆمەڵە، تەشکیلاتی کوردستانی حیزب، بەمەبەستی بەرەو پێش بردنی پرۆژەیەك کە لەگەڵ بنە مای ئامانج وستراتیژی سیاسی وبەرنامەیی ڕەوتی ئێمە ناکۆکە، کەڵك وەربگرن. لەڕاستی دا ئەمە ویستی ڕاستەقینەی ئەوانەکە لەدە رەوەی ئەم حیزبەو لەدەرەوەی تەشکیلاتی کوردستان بمێننەوەو سەربەخۆ لەم تەشکیلاتە کارو چالاکی خۆیان بەرەو پێش بەرن.

بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاگەیاندنە تەنیا ڕەسمیەت بەکردەوەی واقعی وجیایی تەشکیلاتی ئەوان دەدات وبەمجۆرە کاری هاوبەش وهەڵسوڕانی ئەم هاوڕێیانە لەگەڵ حیزبی ئێمە کۆتایی پێ دێت. گومانی تێدانییە خەڵکی کوردستان کەساڵانێکە لەنیزیکەوە ئاگاداری فەرهەنگی خەباتی حیزبین وخەباتی حیزبی بەپێشکەوتنێکی مێژوویی ویەکێك لەدەسکەوتە بەنرخەکانی خەباتی خۆیان لەدژی ڕژێمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی وهەوڵدان بۆ گەیشتن بەداخوازی یەکانیانی دەزانن، ئەم ڕاستی یە قبوڵ دەکەن کەهەبوونی بیری جیاوازو ڕوانگەی جۆراوجۆرو تەنانەت جیایی ودابڕان لەڕیزی حیزبەکاندا بەشێکی جیانەکراوە لەڕاستی یەکانی کۆمەڵگایەکی حیزبییە. کاتێك کەناکۆکی لە سەر بنەما فیکری وستراتیژی سیاسی، جیایی ودابڕانی لێدەکەوێتەوە، ڕوودانی ئەم دیاردەیە دەبێ وەك ڕاستیەك قەبوڵ بکرێ وهە وڵ بدرێ کەبەهەنگاوی پێشکەوتوانەو شارستانییانە، خەسارەتەکانی بەلانیکەم بگات ولەم ڕێگایەوە یارمەتی بەبردنە سەری فەرهەنگی سیاسی لەکۆمەڵگادا بدرێ .

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**٩ی مارسی ٢٠٠٩زایینی**

**١٩ی رەشەمەی ١٣٨٧هەتاوی**

***